گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 13, No. 4, pp. 638–646, October-December-2025.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 26644681
journals.uoz.edu.krd

# دنەدانی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆمانی کوردی لە شاخ (١٩٧٦- ١٩٩١) بەپێی تیۆری میروسلاڤ ڕوش

امینە زکری سعید [1]* و فواد ڕەشید [2]

[1]بەشی زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- عێراق.

[2]بەشی زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- عێراق.

وەرگرتن: /202507 پەسەندکرن: 2025/08 بەلاڤکرن: 2025/12 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2025.13.4.1690

**پوختە:**

ڕۆمانی کوردی لە ماوەی شۆرشی گوڵاندا، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی لە شاخ چاپکراون، ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەو کات بوونە. چاپبوونی ئەم ڕۆمانانە لە شاخ هەوڵێکی ڕۆشنبیران بووە وەک چینێکی کارای ناو کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەشداریکردن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. بێگومان ئامانج لەمەش بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوایەتی بووە. بە واتایەکی تر ڕۆشنبیران و ڕۆماننووسان ویستوویانە لە ڕێگای دنەدانی سیاسییەوە گۆڕانکاری دروست بکەن. ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی چوارچێوەی تیۆرییەوە، لەبەر ڕۆشنایی قۆناغی دووەمی تیۆرەکەی (میرۆسلاڤ ڕۆش)ـە سەبارەت بە پڕۆژەی نەتەوەسازی و بونیادنانی نەتەوە. دنەدانی سیاسی ئامانج لێی گۆڕانکاریی سیاسییە، لەشیکردنەوەو لێکدانەوە دەقەکاندا، سوود لە رەخنەی ئایدیۆلۆژی بینراوە کە لقێکە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، کە چۆن بە ناوی ئایینەوە کورد لەناو بردراوە، لەکاتێکدا گوتاری بزوتنەوەی سیاسی کوردی بریتیی بووە لە برایەتی نێوان کورد، عەرەب، تورك و فارس. ئەنجامی توێژینەوە بریتییە لەوەی کە ڕۆمانی کوردی؛ بەشێکی گرینگ بووە لە بەرگری کوردستان و نەتەوە و هەوڵی بووژانەوەی کولتوور و فیکری داوە، ئەویش بە هوشیارکردنەوەی خەڵک بۆ پەرەپێدانی خوێندەواری و یەکڕیزی گەل. هەروەها بە ئامانجی کارکردن لەبارەی ئەو گوتارەوە، کە هەوڵیداوە ئەو ڕۆحە نەتەوەیی و کوردییە بەئاگابهێنێتەوە و هوشیاریی سیاسی دروست بکات، ئەویش بۆ هاندان بۆ گۆڕانکاری و خەباتی سیاسی.

**کلیلەوشە:** نەتەوە، ڕۆمانی کوردی لە شاخ، دنەدانی سیاسی، شۆرش، بووژانەوەی کولتوور.

## پێشەکی

توێژینەوەکەمان بە ناوی (دنەدانی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆمانی کوردی لە شاخ ١٩٧٦- ١٩٩١) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی لە ڕۆمانی کوردی لە شاخ. بەو واتایەی ڕۆمانی کوردی لەو سەردەمدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە هوشیارکردنەوەی تاکی کورد. ئەمەش بە دندەدانی سیاسییەوە کراوە. واتە ڕۆماننووسان ویستوویانە لە ڕێگای ڕۆمانەوە ئەو نائارامییە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی دروست بکەن، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ڕژێم ببنەوە. کەواتە لە ڕێگای ئەم ڕۆمانانەوە دەتوانین واقیعیی نەتەوەیی و شۆڕشی سیاسی کوردی بزانین.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمێکی داپڵۆسێنەری وەک بەعس، ڕۆمانی کوردی هەوڵی دنەدانی سیاسی داوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بهێنێتە دی. سنووری ئەم توێژینەوەیە سەردەمی شاخ دەگرێتەوە کە رۆمانی (تۆڵە و سەگوەڕ)ـی محمد موکری، کۆچی سووری حمە کەریم عارف، هەرەس ـی کاروان عەبدوڵڵا وەك نموونەی توێژینەوەکە بەکار هاتوون.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان ئامانجیەتی کار لەبارەی ئەو گوتارەوە بکات، کە هەوڵیداوە ئەو ڕۆحە نەتەوەیی و کوردییە بەئاگابهێنێتەوە و هوشیاریی سیاسی دروست بکات، ئەویش بۆ هاندان بۆ گۆڕانکاری و خەباتی سیاسی.

## گرفتی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان گرفتەکان لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم پرسیارانەوە چارەسەر دەکات: ڕۆمانی کوردی لە شاخ لە ڕووی سیاسییەوە هەڵگری چ گوتارێکە؟ چۆن دنەدانی سیاسی لەناو ڕۆمانی کوردی لە شاخ کاری لەبارەوە کراوە؟

## مێتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە بە رەچاوکردنی سرووشتی ناونیشان و ناوەرۆکی بابەتی توێژینەوەکە، توێژەر لە دیدی ڕەخنەیی ئایدۆلۆژییەوە دەقەکانی لێکداوەتەوە، هەڵبەت ئەمەش لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیایی ئەدەبدایە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

توێژینەوەکەمان لە پێشینەیەک و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە پێشینەدا ئەو نووسین و توێژینەوانەی لەبارەی ڕۆمانی کوردی لە شاخەوە نووسراون، باسمان کردوون و جیاوازی توێژینەوەکەی خۆمان لەگەڵ ئەو توێژینەوانە خستۆتەڕوو. بەشی یەکەم، کە چوارچێوەیەکی تیۆرییە بۆ چەمک و زاراوەکان، بە تایبەتی زاراوەی دنەدانی سیاسی و پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و شۆڕش. بەشی دووەم بەشێکی پراکتیکییە و کار لەبارەی سێ تەوەرەوە کراوە. تەوەرەی یەکەم، کارکردنە لەبارەی ڕۆشنبیریی کارەکتەری سیاسی، کە چۆن لە ڕۆماندا خراوەتەڕوو. تەوەرەی دووەم، کارکراوە لەبارەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ڕۆمانەکاندا خراونەتەڕوو و تەوەرەی سێیەمیش هەوڵێکە بۆ ئیشکردن لەبارەی بووژانەوەی کولتوور و فیکر لەو ڕۆمانانە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانمان لە چەند خاڵێک دیاری کردووە.

**پێشینەی توێژینەوە:**

قسەکردن لەبارەی ڕۆمانی کوردی لە شاخ بەتایبەت لە ماوەی (١٩٧٦- ١٩٩١) لە زۆر توێژینەوە و وتاردا باسکراون. بۆ نموونە نامەی ئەکادیمی ڕۆمانی کوردی لە عیراق لە نووسینی د.ئیبراهیم قادر محەمەد و ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ لە عیراق لە نووسینی د.عادل گەرمیانی باسی ئەو ڕۆمانانەیان کردووە، کە لە شاخ چاپکراون. بەڵام تەنیا ئاماژە بە ناوی ڕۆمانەکان کراوە.

توێژینەوەی (ڕۆمانی کوردی لە شاخ) لە نووسینی (سابیر ڕەشید)، کە لە ژمارە (٣٣)ی گۆڤاری نووسەری نوێ، ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە. باسی هەموو ئەو نووسینانە دەکات، کە ئاماژەیان بەو ڕۆمانانە کردووە. ئەم نووسینە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی بیبلۆگرفیانەیە لەبارەی ئەم ڕۆمانانە. واتە لێکۆلینەوەیەکی شیکاری نییە زیاتر ناساندنی ڕۆمانەکانە.

توێژینەوەی (ناسنامەی تاک، ناسنامەی پاڵەوان، ڕۆمانی کوردی دەیەی هەشتا لە شاخ بە نموونە، لە لایەن (د.محەمەد ئەحمەد حەسەن) لە گۆڤاری کۆچ، ژمارە (٢٧-٢٨) ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە. لەم توێژینەوە کار لەبارەی هەردوو چەمکی تاک و شۆڕش کراوە. لەم توێژینەوە کار لەبارەی ئەوە دەکات چۆن تاکەکان لەناو شۆڕشدا بێئومێد دەبن. لە ڕۆمانەکاندا تاک خەونەکانی بە هۆی شۆڕشەوە کوژراوە. هەروەها واتای شۆڕش لەم توێژینەوەیەدا واتایەکی نێگەتیڤی هەیە بە پشتبەستن بە توێژینەوە لە ڕۆمانەکان. ئەوەی جێی تێبینییە لەم توێژینەوەیەدا وێنەی ڕۆشنبیر کاری لەبارەوە نەکراوە، کە چۆن کاریگەری لەسەر دنەدانی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە. توێژینەوەی (ململانێی نەتەوایەتی لە ڕۆمانی کوردیدا- ماوەی پێش ڕاپەڕین-) لە نووسینی (پ.ی.د.عەبدوڵڵا ڕەحمان عەوڵا) لەم توێژینەوەیەدا، کە هەڵێنجراوی نامەی دکتوراکەیەتی بەناوی (کۆمەڵگە لە ڕۆمانی کوردیدا). توێژەر دەیەوێت ململانێی نێوان نەتەوەکان لە ڕۆمانی کوردیدا باس بکات، بەنموونەی هەندێك لەو ڕۆمانانەی کە لە شاخ چاپکراون. ئەوەی تایبەتە بە ڕۆمانی شاخ، لە ڕۆمانی سەگوەر، هەرەس و تۆڵە باسی ستەمی دەسەڵاتی ڕژێم لە نەتەوەی کورد دەکات. ئەوەی جێی تێبینییە توێژەر ململانێی نەتەوە و هێز و ڕژێمی سیاسی نەکردووە. هەموو شۆڕشە کوردییەکان پێداگریان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، نەتەوەی کورد و عەرەب هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی لە نێوانیاندا نییە، ئەوەی هەیە ڕژێمێک هەیە دەیەوێ نەتەوەی کورد لەناو ببات. توێژەر هەموو ئەو

ململانێیانە بۆ ململانێی نەتەوەیی دەگەڕێنێتەوە، کە ئەمە هەڵەیەکی زانستییە، بەڵکو دەکرا لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێی بڕوانێت و هۆکارگەلێکی هەمەچەشنی دەستنیشان بکردبا.

ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە لە سەرجەم ئەم توێژینەوانە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە لێرەدا توێژەر، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری نووسەری بواری سیاسەت میرۆسلاڤ ڕۆش،لە ڕۆمانی سەردەمی شاخ دەکۆڵێتەوە ، بەتایبەت لە داڕشتنی پێکهێنانی نەتەوە و نەتەوەسازیدا. لەناو تیۆرەکەیدا باسی ڕۆڵی ڕۆشنبیران دەکات لە دنەدانی سیاسی. دنەدانی سیاسی، چەمکێکی فەلسەفییە ئەم نووسەرە سوودی لێوەردەگرێت بۆ پێکهێنانی نەتەوە. کەواتە ئێمە لە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی ناو شۆڕش بەتایبەتی ڕۆماننووسان دەکۆڵینەوە، کە چۆن لە ڕێگای دنەدانی سیاسییەوە ویستوویانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بهێننە کایەوە.

**بەشی یەکەم: چەمکەکان**

**١. دنەدانی سیاسی (Political Agitation)**

ئەم زاراوەیە، **میرۆسلاڤ ڕۆش؛ پرۆ**فیسیۆری زانکۆ و تیۆریزانی بواری کۆمەڵناسییە. خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیایە، بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە مێتۆدی بەراوردکاری لە لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە ناسیونالیزمییەکان بەکارهێناوە. (١٩٣٢- ). بە بڕوای ئەو پێکهێنانی نەتەوە هاوتای بزووتنەوە نیشتمانییەکانن. واتە شۆڕشەکان ڕۆڵی گەورەیان لە هێنانەدی هزری نەتەوەیی و نەتەوە بە گشتی هەیە. لای ئەو نەتەوەسازی پڕۆژەیەکە و هێنانەکایەی ئەم پڕۆژەیشی سێ قۆناغی پێویستە.

**١. قۆناغی A: بەرژەوەندی زانستی (بوژانەوەی کولتووری)**

کۆمەڵەیەکی بچووک لە ڕۆشنبیران (زۆرجار زماناس، مێژوونووس، یان نووسەر) دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوە و بەرەوپێشبردنی زمان و مێژوو و کولتووری نەتەوەیەکی نابالادەست. بۆ نموونە نووسەرانی وەک تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، مەسعوود محەمەد، هەژار موکریانی.

**٢. قۆناغی B: دنەدانی سیاسی (کۆمەڵکردنی ناسیۆنالیستی)**

نەوەیەکی نوێ لە چالاکوانان (ڕۆژنامەنووس، مامۆستا، هونەرمەند) چالاکانە دەست دەکەن بە بەرەوپێشبردنی ناسنامەی نەتەوەیی. وەک دەستەی ڕۆشنبیران لەناو شۆڕشی گوڵاندا. کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە ڕێگەی ڕۆژنامە و کۆمەڵە ڕۆشنبیریی و داواکارییە سیاسییەکانەوە دەکەن .

**٣. قۆناغی C: بە نیشتمانیکردنی جەماوەری (بزووتنەوەی جەماوەری)**

پەیامی ناسیۆنالیستی دەگاتە جەماوەری بەرفراوان، لەناو جەماوەر. ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە دیاردەیەکی جەماوەری، زۆرجار بەستراوەتەوە بە ململانێ سیاسییەکان بۆ ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی [Leterrier, 2015: 44].

ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت کاری لەبارەوە بکەین، قۆناغی دووەمە، کە بە دنەدانی سیاسی دادەنرێت. مەبەست لەم چەمکە هێنانەکایەی دۆخێکی نائارامە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی دەوڵەت بە مەبەستی گۆڕانکاری ڕیشەیی و داننان بە مافەکانی نەتەوەیەک. واتە نەتەوەیەک ئەم دۆخە درووست دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەت

بوروووژێنێت و بە ئاگای بهێنێتەوە. ئەم دۆخە، دۆخێکی بەرەنگاربوونەوەیە. ئەوەی ئەم ئائارامییە درووست دەکات بەشێکیان بریتیین لە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران. واتە ئەم چەمکە دەبێتە ساتی بە ئاگابوونەوەی کەس و نەتەوەی ستەملێکراوە، ڕەنگە ئەم بەئاگابوونەوەیە هەم ناوخۆیی بێت، هەم بەرامبەر بە دەوڵەتی داگیرکەر بێت.

ئەفلاتوون یەکەم فەیلەسووفە؛ کە باس لە دنەدانی سیاسی دەکات. بەتایبەت لە کتێبەکەیدا بە ناوی کۆمار، باس لە دروستکردنی شارێکی نموونەیی دەکات. هەروەها داوا دەکات حکومدارییی لەسەر بنەمای عەقڵ و مەعریفە بێت، گۆڕانکاریش بە هەمان شێوە لەم ڕێگایەوە دەبێت. ئەو لە دروستکردنی شارە نموونەییەکەیدا حیسابی هەموو شت دەکات. ((وا بیردەکەمەوە شارەکەمان پڕە لە زانایی ، چونکە حومکدانی چاکی تێدایە. وانیە؟

بەڵی وایە.

حوکمدانی چاک جۆرێکە لە زانین ، چونکە بە ڕێگەی زانینەوە، نەک نەزانین حوکمی چاک دەدەن بەسەر شتەکاندا.)) [ئەفلاتون، ٢٠٠٩: ١٣٠- ١٣١] کەواتە ئەفلاتون پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو شارە دەبێت زانا و فەیلەسووفی تێدا بێت، ئەوانیش دەسەڵەتدار بن. بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ژیانێکی شایستەی هەبێت یان بە شێوەیەکی باش بژی، هیچ ڕێگایەکی نییە جگە لەوەی کە کاروباری کارگێڕی کۆمەڵگا بداتە دەست کەسانێك کە زانا و دانا و بە توانا و حەکیم و فەیلەسوفن، بە واتایەکی تر دەبێت حەکیم و فەیلەسوف فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار بن. لێرەدا جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتداران پێویستە تواناکانیان لەچوارچێوەی دنەدانی سیاسی و باوەڕ و هزری نەتەوەیی پێکەوە گرێ بدەن.

جۆن ستیوارت میل؛ فەیلەسووفی بیری لیبراڵیزم،کە خەڵکی بەریتانیا بوو، لە کتێبی (لەبارەی ئازادییەوە) باسی ئەوە دەکات ململانێی نێوان تاک و دەسەڵات هەر لە کۆنەوە هەبووە. کەواتە ململانێیە شتێکی هۆکاری هەیە، ئەویش ئەوەیە تاک دەیەوێت ئازاد بێت. ئەم ئازادیی تاکە، شتێکی ناوەکی و سایکۆلۆژی نییە، بەڵکوو شتێکە پەیوەندی بەو ململانێیەوە هەیە تاک لەگەڵ دەسەڵات هەیەتی. ئەو ئازادییەی ئەو باسی دەکات ئازادییەکە بۆ خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکوو بۆ دروستکردنی تاکە. بۆیە دەڵێت: ((ئەو ئازادیەی باسی دەکەم ناچێتە چوارجێوەی میتافیزیک یان ئیرادەوە، بەڵکو باسی ئازادی مەدەنی یان کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەم.)) [کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٥: ٥٨] کەواتە ململانێ و دنەدانی سیاسی، هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی تاک، واتە دەسەڵات نابێت بە هیچ شێوەیەک ئازادیی تاک سنووردار بکات، لە یەک دۆخدا نەبێت. ئەویش ئەوەیە، ئەگەر ئازادیی تاک مەترسی بوو بۆ سەر ئازادیی تاکی تر. ئەو وێنەیەی میل لەم ڕوانینەدا بۆ ئازادیی بۆ تاکەکەسی دروست دەکات وێنەی کەسێکی سەربەخۆ و عەقڵانیی و کامڵە. وێناکردنی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی پۆزەتیڤ و چاکەکار. تاکەس پێویستی بە چاوساغیی دەوڵەت و کۆمەڵگا نییەو پێیبڵێت ئەو کێیە و پێویستە چی بکات. بۆیە نابێت یاسا و بەها و نۆرمەکانیان بەو شێوەیە بێت کە بتوانن دەستوەردەنە ناو ژیانی تاکەکەسەوە.

جان جاک ڕۆسۆ، لە کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا پێداری لەسەر هاوبەشی پێکردنی خەڵک لە سیاسەت دەکات. واتە دۆخێکی ئازادی بۆ هەمووان بێتەکایەوە، کە هەموو کەسێک مافی بەشداریکردنی سیاسەتی هەبێت. ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، ئەوا پێویستی بە دنەدانی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی ململانێ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە سیاسییەدا بکرێت. ((ئەگەر هیچ نرخێکم بۆ هێز دانەنایە، ئەوا دەمگوت: لەبەر ئەوەی هەر گەلێک وادار بە ملدانەواندن دەکرێت و ملیش دانانەوێنێت، ئەوا شتێکی باش دەکاتن، کاتێکیش، کە دەتوانێت دەسەڵاتی ملکەچگەرایی ڕامالێت و بە کردەوەش ڕایدەماڵێت، ئەوا ئەو کارێکی باشتر دەکات، چونکە سەربەستی خۆی وەردەگرێتەوە.)) [ڕۆسۆ، ٢٠٠٥: ٥٠] کەواتە هەموو گەلێک پێویستە دنەدانی سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی سەربەستیی خۆی وەرگرێتەوە، بەتایبەتی ئەو گەلانەی ژێردەستەن. کەواتە گۆڕانکاری لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو داواکاریانەی ڕۆسۆ بە ڕژدییەوە پێداگری لەسەر دەکاتەوە. کەواتە گواستنەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی شارستانی گۆڤڕانێکی گەورەیە و پێویستییەکیشە کە هەموو کۆمەڵگایەک ئەنجامی بدات.

لای میروسلاڤ ڕۆش، ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ چەسپاندنی نەتەوە زۆر پێویستە و لە ڕێگای دنەدانی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت. ئەویش بە هەمان شێوە مەبەستی لەم چەمکە لە ڕووی فەلسەفییەوەیە و لەوێوە دواتر چەمکەکە دەبێتە چەمکێک لە فەلسەفەی سیاسی. لە لای ڕۆش ((پێکهاتنی نەتەوەی نوێ پەیوەندی بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییە گەورەکانەوە هەیە.)) [قحطان، ٢٠١٧: ٧٠] لیرەوە تێدەگەین دنەدانی سیاسی، هەوڵێکی فیکری و فەلسەفییە بۆ گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەویش لە ڕێگای بەکارخستن و بڵاوکردنەوەی بیر و چەمکەکان بۆ هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ ئاراستەکردنی کاری سیاسی بە مەبەستی گۆڕانکاری.

**٢. ڕۆشبنیر و شۆڕش:**

ئاشکرایە لەناو هەموو شۆڕشێکی سیاسیدا ڕۆشنبیران بەشێکی کارا و کاریگەرن لەناو ئەو شۆڕشەدا. کارەکانی ئەوان هۆکارێکی کاریگەرن بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر و هوشیارکردنەوەی خەڵک. هەروەها هەر ڕۆشنبیرانن، کە هەم شۆڕشەکە و هەمیش ئەو دەوڵەتی دژی تێدەکۆشن دەخەنە ژێر پرسیار و ڕاڤە. ئامانجی ڕۆشنبیر لەناو شۆڕشدا چارەسەکردنی ئەو گرفتانەن، یان خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی ئەو گرفت و چەمکانەن، کە پەیوەستن بە چارەنووسی میللەت و مرۆڤایەتییەوە. کەواتە هەموو شۆڕشێک جیاواز لەوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئازادی دەکات، هەمان کات پڕیەتی لە کەموکوڕی. فەیلەسووفێکی وەکوو میشێل فۆکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مرۆڤ هەرگیز دۆخێک بە تەواوەتی پەسەند ناکات، بەڵکوو دەیەوێت گۆڕانی تێدا بکات. ((بەپێی کۆمەڵەیەکی کامڵی گۆڕاوەکان، ئەم جۆرە دۆخە کەم تا زۆر پەسەندکراوە، کەم تا زۆر ڕەتکراوەیە، بەڵام هەرگیز بە تەواوەتی پەسەند ناکرێت. و هەمیشە کۆمەڵێك نافەرمانی یا سەرکێشی بوونی هەیە، هەمیشە مرۆڤگەلێك هەن کە نایانەوێت پەسەند بکەن، هەمیشە پنتگەلێك هەیە کە مرۆڤەکان تێیدا شۆڕش دەکەن و بەرەنگاری دەکەن.)) [فۆکۆ، ٢٠٢٢: سایتی ژنەفتن]

ڕۆشنبیرانی کورد بەشێکی دانەبڕاوی شۆڕشە کوردییەکان بوون. ئەوان ڕۆڵێکی کارایان هەبووە. بۆیە دەبینین هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆ شۆڕشی ئەیلوول و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە. لە

ماوەی شۆڕشی گوڵاندا هەموو حیزبە کوردییەکان لە شاخ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لەم دەزگایانەدا خەڵکانێک کاریان دەکرد، کە کاریگەریان هەم لەسەر شۆڕش هەم لەسەر جەماوەر هەبوو.

کەواتە هەموو شۆڕشە کوردییەکان لە بۆشاییەوە نەهاتوون، بەڵکوو لە هوشیارییەوە هاتوون. بۆیەش دەبینین لەناو هەر حیزب و شۆڕشێکدا هەموو چین و توێژەکان هەر لە مامۆستا، نووسەر، هونەرمەند، پزیشک و...تاد بەشداریان تێدا کردووە. کەواتە دەبێ بپرسین ڕۆشنبیر کێیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە چەمکەکە پڕە لە ئاڵۆزی. بەڵام بۆچوونگەلی جیاوازیش لەبارەیەوە هەن. ئیدوارد شیلز، پێناسەیەکی گشتی بۆ چەمکی ڕۆشنبیر دەکات. ((ڕۆشنبیر، کۆمەڵە کەسانێکن لە ڕەفتار و دەربڕینەکانیاندا کۆمەڵێک ڕەمزی گشتی و ژێدەری تایبەت و پەیوەندیدار بە مرۆڤ و سروشت و گەردوون تەوزیف دەکەن، کە جیاوازن لە خەڵکانی تر..)) [Shils, 1972 :179] کەواتە ئەوان کەسانێکن بەوە لە خەڵکانی تر جیا دەکرێنەوە، کە توانایان زیاترە، ئەوان وەک فەیلەسوف دەردەکەون. ڕۆشنبیر کەسێکە بەردەوام هەموو شتێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەردەوام داوای گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات. بە بڕوای گرامشی، ڕۆشنبیر دەبێت کەسێکی سەربەخۆ بێت. بۆیە دەڵێت: ((ئەو مولزەمە بە خستنەڕووی بابەت و ئاریشەکانی کۆمەڵگا و سەردەمەکەی، لە بەرە و گۆڕەپانی بەرگری بێت لە باوەڕکانی.)) [حمید، ٢٠١٣ : ٦٨٤] کەواتە ڕۆشنبیر کەسێکە دەبێت پرسیار و قسەی لەبارەی دۆخی خەڵک، بابەتە سەردەمییەکان هەبێت، ئەویش بە ئامانجی دروستکردنی گۆڕانکاری. لێرەدا ڕۆشنبیر کەسێکە دەبێت بەردەوام مەعریفە بەرهەم بهێنێت، مەعریفەیەک کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی خەڵک هەبێت. بۆ نموونە نووسەرێکی وەک محەمەد موکری، لە ڕۆمانی سەگوەردا فۆرم و ئامانج و ستایلی شۆڕش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەو ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەبینێت، چونکە دەیەوێت جۆرێک لە مەعریفە بەرامبەر چەمکی کورد لەناو کورد بهێنێتە کایەوە.

ئەوەی لە شۆڕشی کوردی سەبارەت بە چەمکی دنەدانی سیاسی دەبیندرێت بە دوو ئاراستە و شێوازە. یەکەمیان دنەدانێکی سیاسییە بەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەر و ستەمکاری وەک ڕژێمی بەعس لەو سەردەمەدا. کە بە هەموو شێوەیەک دەیویست نەتەوەی کوردی بسڕێتەوە، دوا هەنگاوی دڕندانەی بەریتیی بوو لە ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانی خەڵک. بەو هۆیەوە سەدان هەزار کورد لەناو بردران. هەموو کورد بە هێز و حیزبە جۆراوجۆرەکانەوە، بە هەموو ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانەوە هەوڵی شۆڕشیان دا، نووسەران و ڕۆشنبیرانیش بەشێک بوون لەم شۆڕشانە. ئاراستە و شێوازی دووەم بریتیی بوو لەوەی ڕۆشنبیران دنەدانی سیاسیان لەناو خودی شۆڕشدا ئەنجام دەدا. واتە ئەوان قسەیان لەبارەی ئایدیۆلۆژیای یەکتری، شێوازی شۆڕشی یەکتری و تەنانەت لەناو خودی حیزبیشدا هەمان دنەدانیان ئەنجام دەدات.

### بەشی دووەم: ڕەهەندەکانی دنەدانی سیاسی بۆ پێکهێنانی هزری نەتەوەسازی:

ڕەهەندەکانی دنەدانی سیاسی بریتیین لە کاراکتەر وەك دەستەبژێرییەکی سیاسی، گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بوژانەوەی کولتوور و فکر (هزر)، کە هەر سێکیان بەپێی ئاست و جۆری جیاواز کاریگەرییان لەسەر پێکهێنانی هزری نەتەوەسازیدا هەیە، بە تایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە کار بۆ سەربەخۆیی و بەرجەستەکردنی ئازادییە کەسی و گرووپییەکان دەکەن.

#### ١. ڕۆشنبیریی کارەکتەری سیاسی:

کارەکتەر وەک توخمێکی سەرەکیی ڕۆمان، ڕۆڵێکی کارای لە خستنەڕووی بابەت و بیرۆکەکان هەیە. لە ڕۆمانی کوردیدا تا دوای ڕاپەڕین زۆربەی کارەکتەری ڕۆمانی کوردی، کارەکتەری سیاسی بوون. کارەکتەری ڕۆمانی کوردی لە شاخ، کارەکتەری سیاسیین، خاوەن بیرکردنەوە و ئاگاییەکی سیاسین. ڕەنگدانەوەی کارەکتەری سیاسی لەو ڕۆمانانە ((ئەنجامی گەشەسەندن و وەڵامدانەوەی ڕۆمانە بۆ گەڕان سەبارەت بە بوونی هوشیاریی لەناو شاردا. گواستنەوە و گۆڕینی کارەکتەرە بۆ ڕەگەزێکی گێڕانەوە.)) [عصفور، ٢٠٠٣: ٥٦] ئەم هەوڵە لە ڕۆمانی کوردیدا، هەوڵێکە بۆ ئەوەی شێوەیەک لە کارەکتەر دروست بێت، لە لایەک کارەکتەرێکی بە ئاگایە، لە لایەکی ترەوە کارەکتەرێکە هوشیارییەکی سیاسی هەیە.

میرۆسلاڤ ڕۆش لە تێزەکەیدا زۆر جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە بونیادنانی پڕۆژەی نەتەوەسازی دەکاتەوە. ڕۆشنبیران ڕۆڵیان دەبێت لە هوشیارکردنەوەی خەڵک. بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە بەردەوام چەمکەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئامانج لەمەش هێنانەکایەی ڕۆشنبیرییەکە سەبارەت بەو واقیعەی خەڵک تێیدا دەژی. کارەکتەری ڕۆمانی کوردی لە شاخ، بە گشتی کارەکتەرانێکی ڕۆشنبیرن. هەروەها کەسانێکن لەناو سیاسەتدا دەژین و بە ئاگاییەوە بەشداریان لە شۆڕش کردووە. لە ڕۆمانی (تۆڵە)ی محەمەد موکری دا باوکی کارەکتەری سەرەکی، یان گێڕەرەوە، کە حاجییە، بەڵام خاوەن ئاگاییەکی نەتەوەییە. واتە کارەکتەرێکە دەتوانین بە بیرکردنەوە قووڵەکەی سەبارەت بە ئایین و بیرکردنەوە لە نەتەوە جیای بکەینەوە. کاتێک سەبارەت بە چوونی بۆ حەج و دوعاکردن بۆ خەڵک لە حەج پرسیاری لێ دەکەن، لە قسەکانیدا دیارە، ئاگایی و خەمێکی نەتەوەیی لە خۆیدا هەڵگرتووە. کاتێک پرسیاری ئەوەی لێ دەکەن چۆن ڕۆیشتووە بۆ حەج، وەها وەڵام دەداتەوە. ((بە قوڕم گرت.. ئای کە چەند دوورە، چ سەحراییێکە، یاخوا ئەوەی موسڵمانە ڕێی نەکەوێتە ئەوێ... خۆ هەموو وە عارەوەی نوێژ دەکەن.

باوکم پێی وابوو ئەو نوێژەی دەیخوێنێت، کوردییە... کوردییەکە، ئەوەی ئیمانی بە خوا و قایمەت نەبێت لێی ناگات... نییەتی بە کوردی دەهێنا، وای دەزانی ئایەتەکانیش جۆرێکن لە کوردی، ئیتر بە ئارەزووی خۆی سەر و پۆتەڵاکی ئایەتەکانی دەشکاند.)) [موکری، ٢٠١٥: ١٠] قسەکردن لەبارەی ئایین بە زمانی کوردی و خوێندنی سرووتەکانی بە زمانی کوردیی لە هوشیارییەوە هاتووە. واتە گوتارێکە دژ بە گوتاری بە پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و باڵاتڕوانین لەو زمانە بەرامبەر زمانەکانی تری دونیا. کارەکتەر بڕوای وایە خودای گەورە، خودایەکی هێندە باڵادەستە هەموو زمان و نەتەوەکانی وەک یەک سەیر کردووە و دەکات. ئەگەر خوێندنی نوێژ و دوعاکردن تەنیا بە عارەبی بێت و خودا تەنیا لەو زمانە بگات، ئەی بۆ زمانەکانی تری دروست کردووە، نەتەوەکانی تری دروست کردووە. ئەم گوتارە زیاتر بەدەر دەکەوێت، کاتێک

هەڵوێستی نەتەوەکانی تر بەرامبەر کورد لە حەج بە دیار دەخات. ((

- باشە حاجی، لە حەجدا دوعایێکت بۆ ئێمە کرد؟
- ئەی چۆن... زۆر دوعای خێرم بۆ کردن.
- وەکو چی؟
- گوتم خوایە، کوردان لە شەڕی شەیتان و بەڵای ناگەهان بپارێزیت!
- هەر کوردان؟ ئەی ئەوانی دی؟
- ئەوانی دی کێن؟
- عارەب، تورک، فارس.
- گەلێک عەرەب و توورک و فارس... نازانم چی تری لێ بوو، ئەوان دوعایان بۆ ئێمە نەدەکرد.)) [موکری، ٢٠١٥: ١٠]

ناوهێنانی ئەم سێ نەتەوەیە، کە یەک ئایینی هاوبەشیان لەگەڵ کورد هەیە و بە گوێرەی ئایینیش هەموو نەتەوەیەک دروستکراوی خودایە و مافی ئەوەی هەیە خاوەن خاک و زمان و کولتوور بێت. بەڵام سەرکردایەتیی سیاسیی ئەم نەتەوانە بوونی کورد بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکەنەوە. دەبینین ئامانجی کارەکتەر بڵاوکردنەوەی هوشیارییەکی سیاسییە، کە هەرچەندە ئێمە لە ڕووی ئایینیەوە ئەوان بە برای خۆمان دەزانین، بەڵام ئەوان هەرگیز ئێمە بە برای خۆیان نازانن.

بە بڕوای باختین، کارەکتەر لە ڕۆمانی فرەدەنگدا خاوەن هوشیارییە، گێڕەرەوە ڕێگا بە کارەکتەر دەدات، فیکر و ئایدیۆلۆجیاکانی خۆی دەربڕێت. بۆیە دەڵێت: ((هەموو کارەکتەرێک لەناو جیهانە ئایدیۆلۆجیاکەی خۆی دەژیت.)) [باختین، ١٩٨٨: ١١٣] لە ڕۆمانی شاخدا، کارەکتەرەکان خاوەن ڕۆشنبیریین، لە هەمان دەمدا کارەکتەری سیاسین. لە ڕۆمانی سەگوەڕدا کارەکتەر کاتێک هەواڵی دەرچوونی فەرمانی لە سێدارەدانی هاوڕێکانی دەبیستێت، وەسفی ئەو شوێنەمان بۆ دەکات، کە لە پێناو خۆشەویستیی نیشتمان تێیدا زیندانی کراون. ((بیست شەوێ لەمەوبەر بوو فەرمانی ئیعدامی شێرزاد و ئازادتت بیست... دوو برای جمک بوو، هەندێ خەمبار بوویت... هاوڕێیەتییان خۆش بوو. ماوەیێ لەمەوبەر لەگەڵ شێرزاد و ئازاد و چەند کەسی دیدا لە ژوورێکی زۆر چکۆلە و تاریک و پیسا بوون... وەک کەلاک کەوتبوونە سەریەک، نیوەتان بە پێوە دەوەستان و بەشێکتان لەنێوان پێی وەستاواندا هەندێ دەخەوتن.)) [موکری، ٢٠٠٨: ٤١] ئەم دۆخە ئەگەر خۆشەویستیی نیشتمان نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت بەرگەی بگرێت. هاوکات زیندانییەکی وەها، کە کەسانی کوردی خاوەن ئایدیۆلۆژیای جیاوازی تێدا زیندانی کرابوو، لەپێناو خاک و خۆشەویستیی نیشتماندا چارەنووسیان ئەو ژیانە بووە. کارەکتەر، کە خۆی گێڕەرەوەیە و بە تەکنیکی خۆدواندن ڕووداوەکان بۆ دەگێڕێتەوە، کاریگەری ژیان و دۆخەکە لەسەر قسەکردن و بیرکردنەوەیدا دیارە. دیارە سەرچاوەی ئەم خۆشەویستییە ڕابردوویەکی پڕشنگداری میللەتەکەمانە، ڕابردوویەک کەم تاکی کورد هەیە لەو پێناوەدا خەباتی نەکردبێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو زیندانانە، کادیر و پێشمەرگەی سەرجەم حیزبەکان هەبوونە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە هەموو تاکێک، هەڵگری هەر ئایدیۆلۆژیایەکی حیزبی و سیاسی بوو بێت لەو پێناوەدا تێکۆشاوە. بەشێک لە خۆشەویستیی ئێمە بۆ نیشتمان، زادەی ڕابردووی پڕشنگداری میللەتە، ئەو ڕابردووەی هۆش و هەستمانی داگیر کردووە و لەو نەبەردە مەزنانەدا خۆی دەبینێتەوە، گەلەکەمان بە خوێن تۆماری کردوون، وەک خۆپیشاندانەکەی بەردەکی سەرای سلێمانی لە شەشی ئەیلوولی 1930دا، وەک مانگرتنەکەی گاورباغی لە 12ی تەمووزی 1946دا و وەک ڕاپەڕینی ئاداری 1991 کە لە ڕانیەوە سەری هەڵدا و هەموو باشووری کوردستانی گرتەوە. کە بیر لەو دیرۆکە ڕۆشنە دەکەینەوە، گەلی خۆمان زیاتر خۆش دەوێت و زیاتر شەیدای نیشتمان دەبین. کەواتە ڕۆمانی کوردیی سەردەمی شاخ، ڕۆمانێکە گوتارێکی نیشتمانیانەی هەیە، گوتارێک پێمان دەڵێت، دەیان تێکۆشەر لە پێناو ئەم خاک و نیشتمانەدا لە کونجی زیندانەکاندا ئەشکەنجە دراون، لە سێدارە دراون.

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە ڕووی سیاسییەوە شۆڕشی کردووە بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەیی دروست بکات. بەرهەمی ئەم گۆڕانەیش بریتیبوو لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١. لە ڕۆمانی کۆچی سووردا بە تەواوی بەر پێناسەی شۆڕش بە شێوە ڕاستەقینەکەی دەکەوین. ((پێشمەرگە ئەو کەسەیە لەناخا شۆڕشێکی بەرپا کردبێ، بە کورتی پێشمەرگایەتی پوختە و کاکڵەی شۆڕشە. شۆڕشیش گۆڕانە. گۆڕینی هەموو مەیدانەکانی ژیان. ئەوەی تۆش پێی شوکری بە ڕای من شەڕە، نیمچە بزووتنەوەیەکی چەکدارانەیە. ڕاستە شەڕی قارەمانانە دەکەین.. بەڵام ئەوەش بزانە لەوەتەی هەین هەر شەڕ دەکەین. تا ئەو شەڕە نەگۆڕین بە شۆڕش هەر ئەوە بەشمان دەبێت.)) [عارف، ٢٠٠٧: ٢٢] دوای ئەوەی کارەکتەر وەک پێشمەرگەیەک شەو میوانی یەکێک لە ماڵەکانی ئەو گوندە دەبێت، کە شەو لێی ماونەتەوە، خاوەنماڵ داوا دەکات هەندێک گفتوگۆ بکەن. گفتوگۆیەکەیان دەبەنەوە سەر ئەوەی کێ پێشمەرگەیە؟ شۆڕش چییە؟ ئەم دوو پرسیارە زۆر جەوهەرین و لەوێوە خاوەنماڵ دیدی خۆی بۆ پێشمەرگە و شۆڕش دەخاتەڕوو. بە بڕوای ئەو پێشمەرگە، کەسێکە دەبێت سەرەتا وەک تاک شۆڕشێکی لە ناخی خۆیدا بەرپا کردبێت و کەسێک بێت خاوەن مۆراڵ و هەستی نەتەوەیی بێت. کەسێکی لێبوردە بێت. پێشمەرگە هەڵگری بەرهەڵستیی زوڵم، خۆڕاگری و، بەرەنگاریی داگیرکەری و چەوسانەوەیە. ئەم چەمکە ڕۆحی بەرجەستەی خەباتە. چەمکێکە کە زێهنییەت و بەرجەستەبوونی مادیی خەباتی، لە خۆیدا ئاوێتە و یەکانگیر کردووە. پێشمەرگە مرۆڤێکی وشیارە کە بیری ئازاد لە زەینیدا چەکەرەی کردووە و پێگەیشتووە و، ئامانجی ئەوەیە خۆی سووژە و بکەری ژیانی بێ.

شۆڕش بزاڤێکە دەبێت گۆڕانێکی تەواوەتی لە کۆی بوارەکان بەرپا بکات. هەندێک لە حیزبەکان بە هۆی دۆگمابوون و ئایدیۆلۆژییبوونەوە تەنیا شەڕ دەکەن. واتە بەها نەتەوەییەکانیان وەلا ناوە، یان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو ئەو هێزانەی لە ڕووی نەتەوەییەوە تێدەکۆشان بسڕنەوە. ((مەحموود ژوورێکی بچکۆڵەی هەیە، تۆزێ چەپەکە، وا باشە، موتاڵا زۆر دەکات. فاڵ بۆ چارەنووسی کورد دەگرێتەوە! ژوورەکەی دوو دەرگای هەیە. دەرگای چەپ هەمیشە داخراوە، مەگەر تەنیا خۆی و هاوڕێ پەروانە لەو دەرگایەوە هاموشۆ بکەن، پەنجەرەیەکی بچووکیش دەڕوانێتە ڕۆژئاوا. وێنەی مارکس و ئەنگڵز و لینین.. لە ژوورەوە بە سەربەرزییەوە بە دیوارەکەدا داکوتراون. وێنەیەکی "ماو"یش لە خوار ئەوانەوە لەبەر خاتری خاتران هەڵواسراوە.)) [عارف، ٢٠٠٧: ٣٥] ئەم وەسفە، وەسفی کەسێکە لەناو شۆڕش لەبەر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیا دەیەوێت شۆڕش بکات. ئەم شۆڕشە هەموو بەها

نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکاتە قوربانی بنەماکانی ئایدیۆلۆژیا. واتە ئایدیۆلۆژیا لە پێش بەها نەتەوەییەکان دادەنرێت. بەم واتایە شۆرش لە ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆی لا دەدات و واز لە داخوازییەکانی خۆی دەهێنێت لەپێناو کۆمەڵێک بەهای ئایدیۆلۆژی.

**٢. گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی:**

به پێی بۆچوونەکەی ڕۆش، ئەرکی ڕۆشنبیر بلاوکردنەوەی هوشیارییە بە مەبەستی هێنانەکایەی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. واتە هەنگاوی دووەم زەمینەسازییە بۆ هەنگاوی سێیەم، کە دامەزراندنی و جێبەجێکردنی پڕۆژەی نەتەوەسازییە. شۆڕش و شلێر، دوو خۆشەویستن، تووشی بەربەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبن. لە لایەک بە هۆی ئەوەی خۆشەویستی یەکترن ئەوا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەمە گوناهێکە و نابی ئەنجام بدرێت، لە لایەکی ترەوە شۆڕش لەناو سیاسەتە و ئەمەش دژ بە دەوڵەتە. هەردووکیان تێدەکۆشن بۆ ئەوەی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بهێننە کایەوە. بەڵام ئەنجامیان لێک دابڕان دەبێت. شۆڕش دەچێتە شاخ بۆ ئەوەی تێبکۆشێت بۆ هێنانەدی گۆڕانە سیاسییەکە و شلێریش دەکەوێتە دەست پیاوانی ڕژێم و زیندانی دەکرێت. ((شلێر بۆ دەبێ چارەنووسمان وەها بێ! ئێستا تۆ لە کونجی تاریکستانێک هەڵترووشکاوی. منیش ملم داوەتە ئەم کوێستانە سەختە. هەردووکمان بە ئازاری دەردێکەوە دەناڵێنین، دەزانم ئازاری تۆ کوشندەیە و ڕۆژانە سەد جار مەرگ بە چاوی خۆت دەبینی. شلێر! ببوورە لێم، وەک بڵێی من دەستم لە سەرنوشتی تۆدا بێ. لە بیرمە کە چۆن بۆ یەکەم جار یەکترمان ناسی.)) [عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣: ٨٨] دوو کەس، هەردووکیان دنەدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن، هەردووکیان بە هۆی دنەدانی سیاسییەوە تووشی گرفت دەبن. بەڵام کوڕەکە دەستگیر ناکرێت و ڕا دەکات بۆ ناو شۆڕش بۆ ئەوەی لەوێ بەردەوامی بەو دنەدانە بدات. لەوێوە هەوڵی گۆڕانکارییە سیاسییەکان بدات.

لە ڕۆمانی تۆڵەی محەمەد موکریدا ئامانجی شۆڕش ڕوون دەکرێتەوە. ((بۆ ئێمە منداڵین؟ چۆن نازانین چ دەکەین؟ ئەوەی دەیکەین بۆ قازانجی کوردە... داگیرکەر دەکوژین، دەیانکوژین و دەیانکوژین... ئیدی بۆ نازانین چ دەکەین؟ بۆ پێت وایە حەزمان لەم شاخ و دەربەدەری و دەشتەیە؟ یا دەبێت کوڕی میللەت بین و بۆ کورد فیداکار بین... دەبا هەر شتێکی بۆ کورد نەبێت، ئەمن بە پولێکی قەڵبی ناکڕم.)) [موکری، ٢٠١٥: ٦٠] ئامانجی شۆڕشەکە بریتییە لە سەرخستن و ئازادکردنی کورد، شۆڕشەکە لەپێناو کوردە، هەرچەندە توندوتیژی تێدەکەوێت، بەڵام ئەگەر بەرگری نەکەن، ئەوا ڕژێم بڕیاری سڕینەوەی نەتەوەی کوردی داوە و دێهاتەکان دەسووتێنێت و کاولیان دەکات. ئامانجی ئەوان شۆڕشکردن نییە لەپێناو نان، بەڵکوو ئامانجەکە لەوە گەورەترە بۆ ئازادییە. هانا ئارێنت بڕوای وایە شۆڕش کردەیەکی ئازادە، نەک ڕزگارکردنی مرۆڤ لەپێناو بژێوی. ((بەڵکوو ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بەرەو بونیادنانی دەستوور و دەولەتەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ، کە تێیدا لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕاوێژ ئازادی سیاسی فەراهەم بکات.)) [حمد، ٢٠٢٠: ٩٣] لەم ڕۆمانەدا پێناسەیەکی وردی چەمکی شۆرش کراوە، ئەویش ئامانج لێی گۆڕانکاری سیاسییە، لە ڕیگای ئەو گۆڕانکارییەوە ئازادیی لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا دێتەدی. کەواتە دوا ئامانجی شۆرش بریتییە لە سەرخستنی دۆزی کورد، وەک دۆزێکی ڕەوا، کە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی داگیرکەراندایە. ئەوانیش بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ئەو شۆرشە دەکەن. شۆڕش لای شۆڕشگێران بریتییە لە تێپەڕاندن و شکاندنی هەموو کۆتوبەندێکی کەسیی و خۆتەرخانکردن بۆ نەتەوە و نیشتمان.

لە ڕۆمانی هەرەسدا هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ((بەتایبەتی ئینسانی کورد نرخی نەبووە، چ گوێیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیبیستوون، خوێنیان نرخی نییە، کوژراوە، هەر لەبەر ئەوەی کورد بووە و ویستوویەتی وەک ئینسان بژی.. ئابڕوی براوە..دەربەدەر کراوە، نۆکەری نۆکەرانی پێ کراوە، هەر لەبەر ئەوەی کورد بووە دۆست و نەناس هەر بەم دەردەی بردووە.. چ نەماوە پێی نەکرێ، لە خاک بێبەری، لە وردترین پێویستی ئینسان بێ بەری، بە شایستەی ژیانی سەگـئاسای نازانرێ هەر لەبەر ئەوەی کوردە، ئیدی ئەگەر بۆ مان و سەربەستی یاخی بێ، بکوژرێ، بکوژرێ بۆ لە ڕی دەرچوو و دڕندە و انفصالی خوازە...)) [موکری، ٢٠٠٥: ٢٣٩] کەواتە شۆڕشی ئەیلوول و هەڵگیرسانی لە پێناو گەڕانەوەی شکۆ بووە بۆ کورد وەک نەتەوەیەک. کاتێک نەتەوەیەک بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێندرێتەوە، دەکوژرێت، مافەکانی پێشێل دەکرێت، ئەوا ناچارە بۆ مانەوەی خۆی شۆرش بەرپا بکات. کەواتە هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول، ئامانج لێی بەرگری بووە لە نەتەوەیەک، بەرگری بووە لە ئازادیی کورد. ڕژێمەکانی عێراق، بەتایبەتی بەعس هەموو هەوڵێکی بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد بوو، کوردیش بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی هاوسەنگی ڕابگرێت، شۆرشی ئەنجام داوە. کەواتە شۆڕش بریتییە لە جەنگێکی جەماوەری، گروپێك لە خەڵکی هێزەکانیان ڕێکدەخەن بەسەرکردایەتی کەسێك یان کۆمەڵەکەسێك کە ڕازی نەبوونە بەو سیستەمە باوەی کەهەیە و ئامانجیان گۆڕان و لەناوبردنیەتی لەڕێگەی خەباتی چەکدایەوە.

لە ڕۆمانی کۆچی سووری حەمەکەریم عارفدا، باس لە ڕۆڵی پێشمەرگە دەکرێت، وەک تاکێک، هێزێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم. ((ئەو قسەیە ببووە وێردی سەر زاری پێشمەرگە. بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە، ئەوەی خاڵە عەزەی دیبوو، و ئەوەی نەیدیبوو. ئەو قسەیەیان دووبارە دەکردەوە.

- لە هەر شوێنێ زوڵم هەبێ، پیشمەرگەش دەبێ.

دار تووی بەر مزگەوتەکەشیان ناونابوو دارەکەی خاڵە عەزە.)) [عارف، ٢٠٠٧: ٥٢]

مەبەست و گوتار و ئەرکی پیشمەرگە بریتییە لە گۆڕانکاری سیاسی، هەر کەسێکیش دەبوو بە پێشمەرگە دەبوایە بۆ ئەم ئامانجە تێبکۆشێت. لەم ڕۆمانەدا بە ڕوونی ئەرکی پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە و تەنانەت لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پێشمەرگە لەناو شۆڕش وێناکراوە. کەواتە پێشمەرگە چ وەک تاک، چ وەک گرووپێکی سیاسی ئامانجی ئەوەیە گۆڕانکارییەک بهێنێتە دی. ئاشکرایە کورد لە باشووری کوردستان تا ماوەیەکی زۆر باوەڕی بە گۆڕانکاری سیاسی لە ڕێگای کاری سیاسییەوە بوو. تا گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەت. دوای ئەوە شێوازی هێنانەکایەی گۆڕانی سیاسی لە ڕێگای هێزەی چەکەوە بووە واقیعێک. بۆیە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوولەوە بۆ شۆڕشی گوڵان و کۆی حیزبە سیاسییەکانی تر لە شاخ ئەم فۆرمەی شۆڕشیان پێڕەو

کرد. لە نۆڤلێتی نامەیەکی بە پەلەی کاروان عەبدوڵڵا، پێداگری لەسەر هەمان ئامراز بۆ گۆڕانکاری سیاسی دەکرێتەوە. ((ئازاد شولکە دارەکەی بە تووڕەیی فڕێ دا و تۆپەڵە تفێکی پڕ لە کەف و زیخی ڕۆکردە سەر زەوی... شەرواڵەکەی بینی بە تاو بۆی چوو، دەستی دایێ... ئۆخەی دەمانچەکەمی تیایە، ئێستا نیشانت دەدەم، هەر دەبێ بتکوژم، بۆ کوێ دەچی، وا دیارە لێم جیانابێتەوە، شەرت بی بەم دەستانە هەنجن هەنجنت بکەم، تازە تەواو دەرچوونت مەحاڵە.)) [عەبدوڵلا، ٢٠٠٣: ٣٧] کارەکتەر لە ڕێگایە بۆ گەیاندنی نامە بە پەلەکە، بەڵام داڵێک هێرشی بۆ دەهێنێت، ئەویش سەرەتا تەنیا بە ئامرازی سادە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام داڵەکە لە هێرشکردن ناوەستێت و بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی زیان بە ئازاد بگەیەنێت. ئاشکرایە داڵ لێرەدا ڕەمزە. بۆیەیش ئازاد ناچار دەبێت پەنا بۆ ئامرازی تر ببات ئەویش دەمانچەیەکەیەتی، دوای ئەوەی دەمانچەکەی دەدۆزێتەوە و هەڕەشەیەکی توند لە داڵەکە دەکات، ئەوا داڵەکە بەرز دەبێتەوە و واز لە کارەکتەر دەهێنێت. کەواتە باوەڕبوون و گۆڕینی ئامراز بۆ گۆڕانکاری سیاسیی لەم ڕۆمانانەدا وەک پێویستییەکە سەیر کراوە. ڕۆماننووسەکان دەیانەوێت ئەوەمان نیشان بدەن، کە گۆڕانکاری سیاسی تەنیا لە ڕێگای ئامرازی وەک چەک دێتە دێ، چونکە پێشتر ئامرازی ڕۆشنبیریی و سیاسی تاقیکرابوویەوە.

لە ڕۆمانی تۆڵەی محەمەد موکریدا، کاتێک حەرەس قەومییەکان هێرش دەکەنە سەر کوردستان و هەموو شتێک تاڵان دەکەن و کوشتوبڕیکی زۆر دەکەن. حاجی وەک یەکێک لە کارەکتەرەکان بۆ ئەوەی بەرگری لە ماڵ و خاک و گوندەکەیان بکات، ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ((ئەوەندە شپرزە بوون، مەگەر هەر ئەو خوایە بزانێت چۆن ئەو سێ- چوار مەیت و بریندارەی خۆیان گواستەوە... بە قیژە بەرەو خواربوونەوە، منیش لەسەر دارەکە کەوکوژی سێرەم لێدەگرتن، لنگەوقووچیانم دەکردەوە... ئای کە لنگەفرتێکەیان خۆش بوو...دیانلووراند.... بەرەو خوار، بۆ ئەو شوێنەی عەیبە و پیاو نابێت بیڵێت- ئیتر ون بوون.

- حاجی زۆرت لێ کوشتن؟
- تا خوا پێی خۆش بوو.
- جا خوا ئەمەی پێخۆشە؟
- ئەی چۆن... لە هەدیسا، نەتانبیستووە (ئەرزوکوم، دینوکم)
- ئەمە یانی چە؟
- حەی... یانی ئەرزەکەتان ئەو ئەرزەی لەسەریا دەژین، ئەوە وەکوو دینی ئێوە، ئەگەر داگیرکرا، وەک ئەوە وایە دینەکەتان داگیر بکرێت...)) [موکری، ٢٠١٥: ١٣-١٤]

حاجی وەک کارەکتەرێک بۆ پاراستن و بەرگری لە ئازادییەکانیان، لە سەربەخۆییان ڕووبەڕووی داگیرکەران دەبێتەوە و تۆڵەیان لێ دەکاتەوە. ئەمە شۆڕشێکە بەسەر دەسەڵاتی داگیرکاردا. هانا ئارێنت وەکوو فەیلەسووفێک لە کتێبی (لەبارەی شۆڕش)دا دەیەوێت بە دوای چەمکی ئازادی سیاسییدا بگەڕێت، ئەویش بە توێژینەوە لە شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەی ئەوروپا. ئەمەی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا ئەنجامی داوە جەنگ نییە، بەڵکوو شۆڕشە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادیدا. ئارێنت کاتێک دەیەوێت پێناسەی شۆڕشمان بۆ بکات لەم پنتەوە دەست پی دەکات، کە جیاوازی لە نیوان جەنگ و شۆرشدا هەیە. ((ئامانجی شۆڕش بە ئازادی دەزانێ و باوەڕی وایە جەنگ دیاردەیەکی کۆنە لەگەڵ توندوتیژیدا هاوواتایە، هەرچی شۆڕشە دیاردەیەکی نوێیە لەگەڵ ئازادیدا پەیوەندی هەیە.)) [حمد، ٢٠٢٠: ٩١] کەواتە ئەوی حاجی ئەنجامی داوە جەنگ نییە، بەڵکوو شۆڕشێکە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گوندەکەیان. بۆ ئەوەی لە خەڵکیش بگەیەنێت ئەوەی ئەو کردوویەتی ڕەوایە، ئارگیومێنتێکی ئایینیان بۆ دەهێنێتەوە، ئەویش فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلامە، کە دەڵێت: ئەرزوکم، دینوکم). دەبینین ڕۆماننووس ئەوەندە هونەریانە ئەمە فەرموودەیەی داڕشتووە لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی کارەکتەر گونجاندوویەتی و شێوازی دەربڕینی فەرموودەکەیشی بە شێوەیەکە لەگەڵ حاجیدا بگونجێت.

### ٣. بووژانەوەی کولتوور و فیکر:

هەموو شۆڕشێک جیاواز لە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ بوژاندنەوەی کولتووری نەتەوەکەی. بوژاندنەوەی کولتوور و جۆشدان و بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی لە ڕووی فیکرییەوە یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی شۆڕش، چونکە بەم هۆیەوە دەتوانێت هزری نەتەوایەتی لەناو خەڵک زیاتر ببوژێنێتەوە. یەکێک لە رەهەندە زۆر جوانەکانی شۆڕشە کوردییەکان لە پەروەردەکردنی پێشمەرگە و خەڵک بریتیی بوو لە زیندووکردنەوەی هێما نەتەوەییەکان. هەروەها پەروەردەکردنی منداڵ لە لادێیەکان یەکێک بووە لە ئەرکەکانی شۆڕش. لە ڕۆمانی تۆڵەی محەمەد موکری باس لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەن مامۆستای ناو شۆڕش دەکرێت. ((من و هەموو قوتابییەکان، مامۆستا بەکرمان خۆشدەویست... جارێکیان لێی پرسین:

- حەز دەکەن لە دواڕۆژدا بین بە چی؟

هەر هەموو قوتابییەکان بە یەک دەنگ گوتمان:

- پێشمەرگە.

زۆری پێخۆشبوو، بەوپەڕی ئاسانییەوە تێی گەیاندین:

- ئێوە ئێستا پێشمەرگەن! بەڵام دەبێت وەک پێشمەرگەیێکی ئازا و زیرەک خۆتان هیلاک بکەن... بە جوانی دەرسەکانیان ڕەوان بکەن. تا هەر یەکە ببێتە پێشمەرگەی دکتۆر، پێشمەرگەی موهەندیس، پێشمەرگەی مامۆستا....)) [موکری، ٢٠١٥: ٢٤- ٢٥]

پەروەردەکردنی منداڵان لە ڕووی فیکرییەوە، کەوا پێشمەرگایەتی تەنیا ئەو کەسە نییە، کە چەک بکاتە شانی و بچێتە سەنگەرەکان و شەڕ بکات، بەڵکوو ئەو وڵاتە پێویستیی پێشمەرگەی تر هەیە لە ڕووی ئەرکەوە. واتە لێرەدا گۆڕینی ئەرکی پێشمەرگەیە لە ڕووی پراکتیکی و فیکرییەوە. دوای ئەوەی شۆڕش سەردەکەوێت، ئەوا دەبێت ئەوان پێشمەرگەی تر دروست بکەن، بۆیە دوای ڕزگاری کوردستان، ئەوا دەبێت خەڵکانێکی تر دروست بکەن، ئەندازیار، مامۆستا، پزیشک و...تاد ئەم گوتارە، گوتارێکی نیشتمانیانەیە، نەتەوەییە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ چەمکی شۆڕش و پێشمەرگە دابڕێژرێتەوە. خۆشەویستی خاک و کوردستان، یەکێکی ترە لەو ڕەهەندانەی لەم ڕۆمانانەدا هاتووە و خۆشەویستییەکە هاوتای خۆشەویستیی دایکە. لە ڕۆمانی کۆچی سوور لە نووسینی حەمەکەریم عارف، بە هەمان شێوە خاکی کوردستان وەک نیشتمانی کارەکتەر ئەوەندە پیرۆزە، بەو خاکە سوێندی دەدەن. ((بڵی بە قورئان، بەشەڕەف، خیانەت لە کورد و کوردستان ناکەم... نوکە پێیەکی بە پێتا نا. هم... دەڵیی چی؟! مەترسە مەگەر گڵ ناوی تۆمان لە دەم ببیستێ... خۆ ئیشاڵڵا لە جیاتی پیاوەتی ناچین... هم.. وا دیارە خۆت بە مەغدوور دەزانی.)) [عارف،

٢٠٠٧: ١٣] لەم ڕۆمانەیشدا کارەکتەر گیراوە لەسەر ئەوەی بە نهێنی لەناو شۆڕشدا کار دەکات. بەڵام بە هۆی ئەوەی هیچ نادرکێنێت، ئەفسەری لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی زانیارییەکانی لێ دەربێنێت، هەوڵدەدات بە سوێند بە خاکی کوردستان بخوات بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکات و زانیارییەکانی پێ بدات. کوردستان لای تاکی کورد ئەوەندە پیرۆزە، کە دوژمنانیش بۆ زاڵبوون بەسەر تاکی کورددا دەیانەوێ کورد بە خاکە سوێند بخوێن.

پرسی خوێندەواری و خۆشەویستی لە زۆر شوێن جەختی لەسەر کراوەتەوە. دیارە خوێندەواری وەک پێویستییەک بۆ سەرخستنی شۆڕش و دروستکردنی تاک سەیر کراوە. لە ڕۆمانی کێوی مەزن لە نووسینی کاروان عەبدوڵلا، هیوا، گەنجێکە جیاواز لەوەی لە ڕێکخستنی سیاسی کار دەکات و دواتریش دەبێتە پێشمەرگە، شلێری هانداوە، ئەو فێری خوێندەواری بکات. ((لەوانەشە هێندێک خۆشت بوێ. ئەو هانی شلێری دەدا کە فێری خوێندەواریت بکا. کێ دەڵێ فێری ئەڤینیشی نەکردی! خۆ ئەگەر وابێ هەمووشمان هیچ.)) [عەبدوڵلا، ٢٠٠٣: ١٢٩] خوێندەواری هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو تاکێک ئاگاداری هەموو شتێکی نەتەوەکەی خۆی بێت. هەروەها خوێندەواری زۆر پێویستە بۆ ئەوەی تاک بتوانێت لە ڕێگای خۆیەوە بیر لە ژیان و بوون بکاتەوە. واتە بە هۆی خوێندەوارییەوە بیرکردنەوە دەکرێت بە بەشێک لە تاک.

## ئەنجام

١. دنەدانی سیاسی دۆخێکی بەرەنگاربوونەوەیە. هێنانەکایەی نائارامییە، ئەوەی ئەم نائارامییە درووست دەکات بەشێکیان بریتیین لە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران (دەستەبژێرانی کۆمەڵگە)، واتە ئەم بابەتە دەبێتە هۆکاری بە ئاگابوونەوەی نەتەوەی ستەملێکراوە، ڕەنگە ئەم بەئاگابوونەوەیە هەم ناوخۆیی بێت، هەم بەرامبەر بە دەوڵەتی داگیرکەر بێت، ئەمەش پەیوەستە بە جوڵاندنی بەهۆشیاری نەتەوەییەوە.

٢. کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی کوردی لە شاخ، کارەکتەرگەلی ڕۆشنبیرن، ئاگاداری چەمکەکانن. بۆ نموونە لەبارەی ئایینەوە، کورد نەتەوەکانی تری وەک عەرەب، فارس و تورک بە برای خۆی دەزانێت، بەڵام ئەوان هەر بەناوی ئایینەوە کورد لەناو دەبەن.

٣. ڕۆمانی کوردی لە شاخ ڕەنگدانەوەی دۆخ و واقیعی ئەو کات بووە. بۆیە زۆر جار ئایدیۆلۆژیا پێش بەها نەتەوەییەکان دەخران. بۆیە هەموو بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کراونەتە قوربانی بنەماکانی ئایدیۆلۆژیا. واتە ئایدیۆلۆژیا لە پێش بەها نەتەوەییەکان دادەنرێت. بەم واتایە شۆڕش لە ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆی لا دەدات و واز لە داخوازییەکانی خۆی دەهێنێت لەپێناو کۆمەڵێک بەهای ئایدیۆلۆژی.

٤. لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی ڕۆشدا، ڕۆمانی کوردی لە شاخ ئامانج لێی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، لە دوا قۆناغیشدا گۆڕانی سیاسی لە ڕێگای چەکەوە وەک پێویستییەک نیشان دراوە.

٥. بووژانەوەی فیکری و کولتووریش وەک پێویستییەک بۆ دنەدانی سیاسی سەیر دەکرێت. کاتێک منداڵان پەروەردە دەکرێن بۆ ئەوەی بخوێنن و ببن بە مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار بۆ ئەوەی دوای گۆڕانکاری وڵات ببووژێننەوە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: کتێبی کوردی**

١. ئەفلاتون (٢٠٠٩)، کۆمار، وەرگێرانی: د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٢. حمد، مبارک عزیز (٢٠٢٠)، چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنتدا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.
٣. ڕۆسۆ، جان جاک (٢٠٠٥)، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، وەرگێرانی: محمد صابر کریم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما،سلێمانی.
٤. عارف، حەمەکەریم (٢٠٠٧)، کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، سلێمانی.
٥. عەبدوڵلا، کاروان (٢٠٠٣)، هەژان، چەند کورتەچیرۆک و ڕۆمانێک، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٦. کۆمەڵێک نووسەر (٢٠١٥)، ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.
٧. موکری، محەمەد (٢٠٠٨)، سەگوەر، ڕۆمان، چاپی شەشەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٨. موکری، محەمەد (٢٠١٥)، تۆڵە، ڕۆمان، چاپی پێنجەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

**دووەم سایتی ئینتەرنێت**

٩. فۆکۆ، میشێل (٢٠٢٢)، دەسەڵات، بەها ئەخلاقییەکان و ڕۆشنبیر، گفتوگۆی مایکڵ بێس لەگەڵ میشێل فوکۆ، سازدانی: مایکڵ بێس، وەرگێرانی: سەروان ئەحمەد، https://jineftin.krd/2022/01/17

**سێیەم: کتێبی عەرەبی**

١٠. باختین، میخایل (١٩٨٨)، الكلمةفی الروایه، ترجمه: یوسف الحلاق، منشورات وزاره الثقافه، دمشق.
١١. حمید، د.اسماعیل عمر (٢٠١٣)، الموقف فی الفكر انطونیو غرامشی، مجله الجامعه العراقیه، عدد٦٦، جلد٣. العراق.
١٢. قحطان، د.سوران (٢٠١٧)، قراءه فی المقاربات النظریه الحدیثه للامه والنزعه القومیه، مجله الثقافه الجدیده، عدد: ٣٨٧- ٣٨٨.
١٣. عصفور، جابر (٢٠٠٣) مواجهة الإرهاب. قراءات في الأدب العربي المعاصر، د.ط ،دار الفارابي، بيروت، لبنان.

**چوارەم: کتێبی ئینگلیزی**

14. Leterrier, Sophie-Anne (2015), Choral Societies and Nationalist Mobilization in Nineteenth-Century France, Bril, V.9, Boston.
15. Edward Shils, «Intellectuals, » in: David L. Sills, ed., International Encyclopedia of the Social Sciences, 17 vols. in 8, Reprint ed. (New York: Macmillan Co.; Free Press, 1972), vol. 7, p. 179.

## المقاومة السياسية والقومية للرواية الكردية في الجبال(1991-1976) وفقا لنظرية ميروسلاف روش

**ملخص:**

عكست الرواية الكردية خلال ثورة كولان، وخاصة تلك المنشورة ضمن إصدارات مطابع الحركة التحررية الكوردية، واقع تلك الفترة. كان نشر هذه الروايات في الجبال محاولة من المثقفين، كطبقة فاعلة في المجتمع الكردي، للمشاركة في حركة تحرير كردستان. وكان الهدف، بطبيعة الحال، نشر الفكر القومي. بمعنى آخر، سعى المثقفون والروائيون إلى إحداث تغيير من خلال المقاومة السياسية. من حيث الإطار النظري، تتناول هذه الدراسة الثانية من نظرية ميروسلاف روش حول مشروع بناء الأمة. يهدف الرفض السياسي إلى التغيير السياسي. في تحليل النصوص وتفسيرها، يظهر استخدام النقد الأيديولوجي، وهو فرع من علم اجتماع الأدب، كيف تم تدمير الأكراد باسم الدين، بينما كان خطاب الحركة السياسية الكردية يدور حول الأخوة بين الأكراد والعرب والأتراك والفرس. وقد كان لهذا الكاتب دور هام في الدفاع عن كردستان والوطن، وسعى إلى إحياء الثقافة والمثقفين من خلال رفع الوعي الشعبي، وتعزيز ثقافة القراءة والوحدة الوطنية. كما يهدف إلى العمل على الخطاب الذي سعى إلى إيقاظ الروح الوطنية والكردية، وخلق وعي سياسي، لتشجيع التغيير والنضال السياسي.

**الكلمات المفتاحية:** الأمة، الرواية الكردية في الجبال، المقاومة السياسية، الثورة، الإحياء الثقافي

## POLITICAL AND NATIONAL RESISTANCE IN THE KURDISH NOVELS WRITTEN IN THE MOUNTAINS (1976–1991) BASED ON **MIROSLAV HROCH** FRAMEWORK

**ABSTRACT:**

Kurdish novels that written in the mountains, particularly those published during the period of the Gulan Revolution (1976–1991), constitutes a critical narrative space wherein the socio-political realities of Kurdish society are represented and reimagined. These works emerge as intentional interventions by Kurdish intellectuals and writers seeking to engage in the liberation movement of Kurdistan by employing literature as a tool for political expression and national awakening. The novels serve not only as literary artifacts but as mediums for disseminating nationalist ideology and reinforcing collective identity. This study applies **Miroslav Hroch** theoretical framework to explore the intersection of political resistance and national identity within these novels. It investigates how textual structures and symbolic language articulate resistance, construct meaning, and challenge hegemonic discourses—particularly those that utilized religion as a mechanism for undermining Kurdish identity. In contrast, the discourse of the Kurdish political movement centered on promoting solidarity among Kurds, Arabs, Persians, and Turks, while simultaneously emphasizing national unity and cultural resilience. In the result of research contribute to the defense of the homeland through literary representation, aiming to revive cultural memory, enhance popular consciousness, and cultivate a culture of reading and national cohesion. The study further argues that these narratives function as vehicles for awakening the Kurdish national spirit, stimulating political awareness, and promoting resistance-oriented discourse as a means of social and political transformation.

**KEYWORDS**: Nationhood, Kurdish Novel Written in Mountains, Political Resistance, Revolution, Cultural Revival.